# ئایا ئەمریکاو حکومەتی نوێی عیراق بێ گوناهن لەدروست بونی سێگۆشەی مردن ؟

محمد حسين
mihamad_79@yahoo.com

ناتوانین لەتیرۆر و ئاژاوەی ناوچەکانی سێگۆشەی سونە تێبگەین بە پشت بەستن بەو بۆچونەی کەکورتیان ئەکاتەوە بۆ پاشماوەکانی بەعس و ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە ,گەرهات و ئەم دووناولێنانەیش بۆئەو هێزانەی ئەمڕۆ کاری تیرۆر ئەکەن لەو ناوچانەدا ڕاست بێت , ئەوا هەربەم دیاری کردنە خێرا ئێمە لەدیاردەکەناگەین , ئەمانە هەر لەخۆوە دروست نەبوون , بەڵکو ئە نجامی کۆمەڵێك کێشەی ترە کەزیادە ڕۆیی ناکەین گەربڵێین بەشێکی زۆری سیاسەتە هەڵەکانی ئەمریکاو حکومەتی نوێی عیراق خۆی دروستی کردووە .

ڕۆژانە تیرۆرو تۆقاندن لەم ناوەدا پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ئەبینێت .تیرۆریستەکان زیاتر سۆزو پشتیوانی خەڵك بەدەست دێنن . باپرسین بۆئەم بەشەی عێراق وای لێهات ؟, ئایا لەحساباتی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی زەمانی سەدام وسیاسەتی ئەمریکادا هیچ حسابێك بۆکاردانەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە کرابو ؟ کە هەموان لاریان لەوە نیە ناوچەیەکی کەڵك وەرگرتو بون لەحکومەتی بەعس .

ئەو بارو دۆخە خرا پەی ئەم ناوچانەی گرتەوە بوە هۆی ئەوەی کە ئایدۆلۆژیای شۆڤێنیەتی عەرەبو ئسولێەتی توندڕەو تاڕادەی ئەو پەڕی دڕندەیی باڵ بکێشێت بەسەر خەڵکەکەیدا. هەموئەوانەیان لەدوای سەدام ئمتیازات و بەرژەوەندی تاییەتیان لەدەست داوە ئەمڕۆ لەباوەشی ئەو هێزانەدان کەلەسەر ڕیتمەکەی بەعس خۆیان سازئەکەن (( بەلاَم بەنەرمیەکەوە کە بتوانێت لەئەمڕۆدا بژی )), ئەوخەڵکانەیشیان کەبەعسی نەبون سەلەفیەت و وەهابیەت بۆتە ئایدۆلۆژیای گوزارش کەر لەکێشەو ئازارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان . ئەم ئایدۆلۆژیا ( مەبەست وەهابیەتە ) کەلەدوای شەڕی کۆیتەوە بەشێوەیەکی نەخشە بۆداڕێژراو بەعس لەو ناوچەدا پاڵپشتی بلاَو بونەوەی ئەکرد ئێستا بەشێوەیەکی بەربلاَو ڕوپۆشی شەقامی ئەو شارانەی کردووە . ڕاستە ئەوانەی واکارە تیرۆریستیە کان ئەکەن دەستەبژێرێکی کەمی ناو ئیسلامیەکانن لەگەڵ ئەو موجاهیدە عاربانەی بۆشەڕی ئەمریکا هاتنە عێراقەوە . بەلاَم عەقلیەت و تێگەیشتن وخەیاڵگەی ئەم ئیسلامیانە بەگشتی هیچی لە تیرۆریستە کان جیاواز نیە , تەنها جیاوازی لەشێوەی مومارەسەی بانگەشەی ئاینی وکاری سیاسیاندایە .

گەرلەنهێنی خێرا بلاَوبونەوەی ئەمانە بپرسین لەوناوچانەدا من پێچەوانەی پاساوەکانی خۆیان - داگیر کاری ئەمریکا , پەراوێز کەوتنی سونە لەعیراق , جیهاد دژی سەلیبیەکان ...هتد بەهۆکاری ئەو هێزی ڕاکێشانەیان نازانم , یان لانی کەم ئەمە بە پلەی دووەمو وەك هۆکارە لاوەکیەکان دەبینم . دەوری بنەڕەتی لەگەشەکردنی ئەم هێزانەدا بێکاری وبرسێتی و دۆڕانی بەرژەوەندیەکانی کۆنەبەعسیەکانە .فاکتەرە سیاسی وئاینیەکان بەس نیە بۆئەوەی ئەو هەمولاوە ی پێ کۆبکرێتەوە . بۆئەوەی هێزێکی سیاسی بەو خێراییە گەشە بکات پێویستە زەمینە کۆمەلاَیەتی وئابوری وسایکۆلۆژیەکان ئامادەبن , بۆنمونە : نزیکە ی پە نجاساڵە ڕێکخستنی ئیخوان موسلمین لەعیراقدا کارئەکەن بێ ئەوەی بتوانن سنوری دەستەبژێرێکی زۆرکەم تێ پەڕێنن , بەلاَم لەو ڕۆژەوە ئابلۆقەی ئابوری خرایە سەرعیراق ئیتر سەلەفیەت کەوتە بلاَوبونەوە بە خێراییەکی زیادلە ئاستی چاوەڕوان کردنەوە ( وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ئەم بلاَوبونەوە بەئاشکرا موبارەکەی حیزبی بەعسی لەگەڵ بوو ) . هەموئەو گەشەکردنەی وەهابیەت وسەلەفیەت لەم ناوچەدا هێشتا بەشی ئەوەی نەئەکرد کەبایکۆتی هەڵبژاردن بەناوچەیەکی فراوان بکەن وەك تەحەدایەك بۆئەمریکا , ئەوەی وای کرد هەمو دانیشتوانی ناوچەکانی سونە ببنە هەواداری هێزە توندڕەوە کان سیاسەتە هەڵەکانی بەڕێوبەرایەتی سەربازی ئەمریکابوو

، يارى كردنى شيعەكان بوو بەسومبولە مەزهەبيەكانيان وەك هێزێكى رِكەبەر بۆخەڵكى ئەم ناوچە, شێوازى هەڵەى رِوبەرِونەوەى حكومەتى عيراق بوو بۆ تيرۆريستان لەسەرەتاى پرۆسەكەوە .

بەگشتى سێ لايەن دەروى سەرەكيان بينيوە لەناردنى خەڵكى ئەم ناوچەيە بۆسەنگەرى زەرقاوى :

1- ئەمريكيەكان : هێزەكانى ئەمريكا لەسەرەتاوە كۆمەڵێك گەمژەييان نواند كەحەق وايە ئەمرۆدادگايى بكرێن لەسەر ئەو ئەنجامە خراپەى بەسەر خەڵكى عيراقدا هێنايان . چونكە هەموبازگەكانى پشكنينيان هەڵگرت وسنورەكانيان بەرەڵاكرد , هەموئيدارەى عيراقيان خستە ژێر دەستى هێزە سەر بازيەكانى خۆيانەوە بێ ئەوەى بتوانن كەڵك لە تواناكانى خەڵكى عيراق وەربگرن . بەزريپۆشەكانەوە سەربازەكانيان ئەهاتن بۆرِێكخستنى كارو بارى ناوبازارِ و تەواو بەهەڵەشەى و ئيستفزازيانە ئەو ماوەى سەرەتايان رِاپى كرد , كەئەمەيش لەگەڵ ئەو سايكۆلۆجيا بريندارەى خەڵكى لە دواى شەرِو بۆردمانەكان بوە پاڵنەرێكى زۆر باش بۆئەوەى هێزە تيرۆريستەكان بتوانن هەمو خەڵك كۆبكنەوە لە پرۆژەسياسيەكانيان .

2- حكومەتى عيراق : هەتا ئێستا حكومەتى عيراق هەر بير لەچارە سەرى ئەمنى وسەربازى كێشەكە ئەكاتەوە , نەك چارە سەرى سياسى وئابورى و رِێگەكانى تر كەلەوانەيە لەهەر يەك لەو شارانە دا دەيان رِێگەى نزيك بونەوە لەو گروپە توندرِەوانە هەبێت , من ئەزانم ناكرێت هيچ كەسێك لەگەڵ زەرقاويدا بگاتە هيچ رِێكەوتنێك وهيچ چارەسەرێك , بەڵام خۆئەكرێت زەمينەى ئەوەى بۆخۆش نەكرێت تا هەمونەو لاوە نائوميدانە لەخۆى كۆبكاتەوە , ئەوانەى كەلەرِاگەياندنە گەمژەكانەوە زەرقاوييان لێ كراوەتە گيڤارا . جار هەبوە بەهۆى زانياريەكى هەڵەى هەوالگيريەوە سێ كاتژمێر تۆپبارانى گەرِەكێك كراوە , يان شێوازى رِێكردنى سوپاى ئەمريكا لەجادەكانى عيراقدا و چۆنيەتى داگيركردنى جادەكان و زوڵم كردن لەخەڵك بەئاشكرا كردەوەكانى قوسەيى و عودەى وەبير ئەو خەڵكە دێنێتەوە .

3- فۆبياى شيعەگەرى : ئەوەى ئەمرۆ باسى برايەتيەكى عيراقيانەى نێوان شيعەو سونە بكات قسە لەدرۆيەك ئەكات نەشيعەكان ونەسونەكانيش ئارەزوى برِوا پێ كردنيان نەماوە , تەنها لەبازارِى سياسيەكانا ئەم جۆرە قسانە گوێى لێ ئەگيرێت كە لەزۆربەى حاڵەتەكانيشا كردەوەكانيان پێچەوانەى ئەو برايەتيەيە (( لەدامەزراندنى كابينەكەى جەعفەريدا بەرِونى كێشەكە ئاستى نوخبەسياسيەكانيشى گرتەوە )) بۆيە سياسەت و كارى گروپە شيعەكان هێندەى ئەمريكيەكان زياتر رِقى سونەكان ئەوروژێنێت , ئەوان هەميشە هەست بەمەترسى نفوزى ئێران و هێزى شيعەى عێراق ئەكەن , فۆبياى شيعەگەرى و درێژبونەوە ئيقليميەكانيان دەورێكى باڵاى هەيە لەو ترسەى كەئەمرۆ سونەكانى ياخى كردووە .

دواى بەعس بەتەواوى ئەم ناوچەى بەسێگۆشەى سونە ناوئەبرێت كەوتە جۆرە فەوزايەكەوە كەهيچ كام لەو هێزانەى خۆى بەسونە ئەزانێت نەيتوانى كۆنترۆڵى شەقامەكە بكات , ئەمەش بۆخۆى بووە بە هۆكارێك بۆئەو سەرگەردانيەى كەئەمرۆ هێزە تيرۆريستە كان بەسەر خەڵكى ئەم ناوەيان هێناوە . خەڵكى ئەم ناوچەيە لەلايەن هەموانەوە كرانە كۆسكەوتوى بەعس , رِاستە ئەوان لەهەموناوچەكانى ترى عێراق زياتر كەڵكيان وەرگرت لەبەعس و كەمتر وێرانيەكانى بەعسيان دى , بەڵام بێمەنق ترين قسەيەك كەلەرِاگەياندنە عێراقيەكاندا ئەكرا ئەوە بوو هەستى خەڵكى ئەم ناوچەيە بريندار ئەكرا بەوەى كەهەمويان پشتيوانى بەعسن . تائێستايش نازانم كێبون ئەوانەى وا لەم تێزە سود مەند بون , يان هەر گەمژەييەكى تربوو لەو گەمژەييانەى كەمێژوى عيراقى هاوچەرخى پێ دروست ئەكرێت , ئەبوايە ئەو بەعسيانەى كەدەستيان رِەش نەبوە بەهيچ تاونێك نەكرايەنە بەرپرس لەگوناهەكانى بەعس , ئەبوايە بەعس بكرايەتە بەشێك لەرِابردويەكى رِەشى بوغزێنراو بەرامبەر خەڵكى ئەم ناوچانە , نەك رِۆژانە بەنەغمەيەكى شيعەگەرانەوە بدرێتە گوێيانا , هيچ ئەوەندەى ئەم گەمژەييەى دەزگا رِاگەياندنەكانى عيراق خزمەتى بە پرۆژەكەى زەرقاوى نەكرد , ئەم عەقليەتە واى كرد لەم ناوچەيەدا وەك فريادرِەسێك تەماشاى زەرقاوى بكرێت .

بۆخەڵكی ئەم ناوچەیە هەڕەشەی بنەڕەتی شیعەكان دروستیان ئەكرد , شیعەكانیش تەنها كەرەستەیەكی ئایدۆلۆژیان لەم كێبەركێیەدا مەزهەبەكەیانە , ئەم مەزهەب گەریەی شیعەكان بوە سوتەمەنیەك بۆچراكەی زەرقاوی و ئەوانەی هاوشێوەی زەرقاوین .

لەبەرامبەر كوردا ئەم هێزانەی لەناوچەكەدا هەن دووبەشن هەندێكیان ئەوانەن ئامادەن بەشداری بكەن لە پرۆسەی سیاسی عراقدا كەئەمانە ئەیانەوێت گرفتیان نەبێت لەگەڵ كورد , بەلام باڵە توندڕەوەكانیان تەواو بەچاوێكی دوژمنكارانەوە كورد ئەبینن . لەبەر ئەوەی تەنها لەیەك هێڵی سنوریدا كورد لەگەڵ ئەمانەدا لە پێكەوە ژیاندایە ئەوا بۆتە هۆكارێكی كەمی ڕوبەڕوبونەوە , بەواتایەكی تر فاكتەرێكی جوگرافی یارمەتی دەرە بۆدوركەوتنەوە لەڕوبەڕوبونەوەی ئەمانە , كێشەی كورد لەكەركوك زیاتر لەگەڵ كۆمەڵێك عارەبی شیعەی باشورن كەلە پرۆسەی تەعریبی ناوچەكەدا بەعس هێناونی , لەناوچەكانی خانەقین ومەندەلیش تائێستا هێمنی و پەیوەندیەكی خۆش كوردو عارەبی وەك خۆی هێشتۆتەوە ,هەربۆیە كورد بەشێكی كەمی فۆبیاكانی ئەم ناوچەیە پێك دێنێت .

ئەوەی پێویستە ببینرێت ئەو هۆكارە بابەتیانەیە كەخەڵكی ئەم ناوچەی خستە ناو پرۆژەكانی زەرقاوی ولەشكردی محمد و...هتد , ئەمانە دروستبوو ی بارودۆخێكی ناسروشتین , هەموئەو لایەنانەی تریش كەزەرەر مەند ئەبن لەم پێشهاتە خراپانەی ئەم ناوچانەدا زۆربەخراپی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ پێدراوەكانی دوای ڕوخانی سەدام كرد . چەندە هەوڵی نزیككردنەوەی ئەم بەشەی عیراق بدرێت لەبەشەكانی تری باكورو باشور ئەوا بەدڵنیاییەوە بواری مناوەرەی زەرقاوی كەمتر ئەبێتەوە . ئەگەر حكومەتی عیراق و هێزە سیاسیەكان پەلەنەكەن لەجیاكردنەوەی عیراقیە نارازیەكان لەزەرقاوی و هاوشێوەكانی و هەوڵی ئاشتەواییەكی نیشتمانی نەدرێت بەتایبەتی لەنێوان شیعەكان وسونەكاندائەوا وەك چۆن فەرامۆشكردنی فەلوجە بوە هۆی ئەوەی شارەكە ببێتە پەناگەی تیرۆرستانی هەمو ناوچەكە ئەوا ئەم جارەیان هەمو شارەكانی تری سێگۆشەكە وای لێ دێت , دەبێت چارەسەری ئەمنی بۆكێشەكە دواین چارەسەر ی ناچارانە بێت , هەربۆیە چارەسەرە ئابوری وسیاسیەكان پێویستە لە پێشتردا تاقی بكرێتەوە .